پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە (لە خواردنی گۆشتی): هەموو ئاژەڵێکی کەڵبەدار لە دڕندەکان (گۆشتخۆرەکان)، ولە هەموو ئاژەڵێکی چڕنوکدار لە باڵندەکان

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە (لە خواردنی گۆشتی): هەموو ئاژەڵێکی کەڵبەدار لە دڕندەکان (گۆشتخۆرەکان)، ولە هەموو ئاژەڵێکی چڕنوکدار لە باڵندەکان».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە خواردنی گۆشتی ئاژەڵی دڕندەی کەڵبەدار کە لەڕێی کەڵبەکانیەوە ڕاو دەکات، هەروەها نەهی کردووە لە خواردنی گۆشتی باڵندەی چڕنووکدار کە لە ڕێگەیەوە ڕاو دەکات وپارچە پارچەی دەکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/64643